# ئیكۆشیعر و خەسڵەتەكانی

**ڕزگار سەعید**
**(ئەڵمانیا)**

## سەرەتا

ئیكۆشیعر (Ecopoetry) ژانرێكی ئەدەبییە، گرنگی بە سروشت و پرسە ژینگەییەكان دەدات، ئاوێتەیە بە لێكەوتە تایبەتییەكانی مرۆڤ بە زەوییەوە.

زاراوەكە بۆ وەسفكردنی شیعری هاوچەرخ تا ڕادەیەك نوێیە و جەختكردنەوەیەكی ئیكۆلۆژییانەی بەهێزی هەڵگرتووە، بۆ ناسینەوەی بەرهەمەكانی هەمان ئەو گرنگیدانەیە كە پێوەندییە مرۆڤایەتییەكان لەگەڵ جیهانی سروشت دروستی دەكات، هەرچەندە ژانرەكە پێویستی بە باسكردنی جیهانێكی سروشتی دیكەی غەیرە مرۆییە تا لە چوارچێوەی شیعری ژینگەییدا خۆی ببینێتەوە.

لەسەر خواستی گۆڕانكارییەكان كار دەكات و پەیامی خۆی دەگەیەنێت، بنەمای خەسڵەتەكانی جۆرێك ئاگاداركردنەوەیە، بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاكی بەدەر لە ڕەوتە سیاسییەكان، ڕێگە بە خوێنەرانی دەدات لەناو جیهانی سروشتدا نیشتەجێ ببن، بەردەوام نائارامە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت كار لەسەر هۆشیاری بكات، واتە كاریگەری لەسەر شێوازەكانی بیركردنەوە و هەستكردن و ژیان و چۆنیەتی مامەڵەكردن دادەنێت، هەر بۆیە خاوەنی هیچ هەسارەیەك نییە.

## مێژووی ئیكۆشیعر

وشەی (ئیكۆ Eco)، واتا (ماڵ) لە ئۆیكۆسی Oikosی یۆنانییەوە سەرچاوەی گرتووە، بە واتا فراوانەكەی هەموو ئەو ڕێگەیانە دەگرێتەوە زەوی پێ بكرێتە ماڵ.

یۆنانییە كۆنەكان زاراوەیەكی لێكدراویان بەناوی تۆپۆ جیۆوە هەیە، تۆپۆ Topo چاوگەكەی (Topos)ە لە ئەدەبی ڕەوانبێژیدا شوێن دەگرێتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە شیعر گوزارشت لە شوێن، یان دەربارەی شوێنێك دەكات و دەتوانێت جیاوازی دروست بكات.

وشەی جیۆ Geoش بەواتای زەوی، یان وڵات و خاك لێكدەدرێتەوە، ئەم زاراوە كۆنە یۆنانییە

بـە مەبەسـتی داهێنـان و دروسـتکردن و هێنانـی شـتانێک بـووە بـۆ بـوون کـە پێشـتر وجـودی نەبووە، شـاعیرانی هۆشـیار کردووەتـەوە جیـاوازی لـە نێـوان پێگـەی مـاڵ و شـوێن و خاکدا بکـەن، تـا گەشـە و پـەرە بـە ئەندێشـە و داهێنانەکانیـان بدەن و لـە ژانرێکـی ئەدەبـی وەک ئیکۆشـیعر جێگەیـەک داگیربـکات و تێیـدا بتوێتـەوە.

بـە شـێوەیەکی ڕوونتـر تێکـرای ماڵەشـیعرە جیـاوازەکان کـە ئیکـۆ یەکێکیانـە لـە سـەر خاکێـک کۆدەبنـەوە کـە پێـی دەوترێـت نیشـتمانی شـیعر.

ئـەم ژانـرە جیـاوازە لـە شـیعری سروشـتخوازی (سروشـتگەرایی)، هێڵێکـی شـەفاف و باریـک لـە یەکتریـان جـودا دەکاتـەوە، بـۆ نموونـە کاتێـک بـە شیعرێکی سروشتخوازی، باس لە جوانی باڵندەیەک دەکرێـت، وشـەکانی بـۆ دەپارێزرێتـەوە و جیهانـە ئەفسـوناوییەکەی فڕیـن جوانتـر دەکات، بـەڵام کاتێـک هێلانەکـەی لەلایـەن کەسـێکەوە، یـان هـەر کەرەسـتە و ئامێرێکـەوە دەڕووخێنرێـت، ئـەوە تەنیـا شـیعری ئیکۆیـە دەتوانێـت ئـەو ئـازارە بخوێنێتـەوە کـە چـۆن نیشـتمانی باڵندەکـەی تێـدا شـێوێنراوە، وەک دەردەکەوێـت لـەم فۆرمۆلەکردنـەدا، دامەزراندنـی شـیعری سروشـتخوازی لەسـەر دابڕانـی مـرۆڤ لـە جیهانـی سروشـت بینادەکرێـت.

لـە بەرانبـەردا شـیعری ئیکۆیـی زیاتـر لەسـەر ئـەو ڕێگەیانـە دەبینرێتـەوە کـە چـۆن زەوی دەکرێتـە مـاڵ و هەمـوو ڕێگـە نەشـیاوەکانی دیکـە بـە خراپـی نمایـش دەکرێـن، ئـەم جـۆرە ئاراسـتەکردنە فۆرمێکـی ئاڵۆزیـش دەبەخشـێتە خـودی شـاعیر، چونکە ئیلهامبەخشـە بـەو گۆڕانـە سروشـتییە فرە دیدگایـە کـە لـە سـنووری جیهانـی مرۆڤەکانـەوە دەسـت پـێ دەکات بـۆ پەڕینـەوە و تێکشـکانی تێکـڕای سـنوورەکان هەنـگاو هەڵبگرێـت، بـۆ نموونـە: محەمـەد عومـەر عوسـمان لـە کۆشـیعری لـە غوربەتـا دەڵێـت:

**منم ژەنەراڵی پاییز..**
**کاسکێتەکەی سەرم هەورە و**
**ئەستێرەکانی سەر شانم**
**چەن گەڵایەک بە ڕەنگی زیو**
**پاڵتۆی بەرم کزە بایە و**
**شمشێرەکەم لقی درەختێکی ڕزیو**

## ئیکۆ و شیعری هاوچەرخ

ناسـینەوە و دەرکەوتنـی بەرهەمەکانـی لەنـاو شـیعری هاوچەرخـدا هەمـان داڕشـتن و وەڵامـە بـۆ ئـەو قەیرانـە ژینگەییانـە تـا گۆڕانـکاری لـە سیسـتمی ژینگەییـدا بنیـاد بنرێـت. شـیعرەکان لەسـەر چۆنیەتـی پێوەندییەکانـی توندوتیـژی بەرانبـەر ژینگـە و خۆراکەکانـی زەوی دادەڕێژێـت.

لـە ئەدەبـی کوردیـدا شـیعری ژینگەپارێـزی بەفۆرمی تایبەتی و سـەرەکی نەنووسـراوە، ئەگەر هەشـبێت زۆر بـە کـزی دەبینرێـت، شـاعیران لـە ڕێـی ئەندێشـەیانەوە ناوبەنـاو بەچەنـد دێڕێـک گوزارشـتیان لـێ کـردووە، بـەڵام نەیـان کردووەتـە سـەنتەر بـۆ داهێنانەکانیـان.

**خەسڵەتە تایبەتەکانی ئەم شیعرە:**

١- گرێدانی پێوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە.

٢- ژینگەپارێـزی و دەستنیشـانکردن و چۆنیەتـی شـێواندنی لەلایـەن مرۆڤـەوە.

٣-توندوتیـژی دەسـەڵاتدار و بڕیـارە سیاسـییەکان بەرانبـەر ژینگە.

٤-وانەی فەلسـەفی و دەروونی و هۆشـیارکردنەوە بـۆ ڕوونکردنەوەی کێشـەکان.

خاڵـی چـوارەم جەوهـەری باسـەکەمانە، هـەر بۆیـە شـرۆڤەکاران زۆرجـار ئیکۆشـیعر لـە ڕووی دیاردەناسـییەوە بـە فەیلەسـووفانی ئەڵمانـی ئێتمونت هووسـرڵ و مارتـن هایدیگـەرەوە گـرێ دەدەن، بـە شـێوەیەکی دی ئیکۆشـیعر لـە فـەزای لاواندنـەوەوە دەپەڕێتـەوە بـۆ جیهانـی فیکـری و فەلسـەفی و ڕەخنەگرتـن لـە دیـوە نێگەتیڤەکـەی تەکنۆلۆژیـا و بەرهەمـە دیجیتاڵییـەکان، بـۆ نموونـە: فەیلەسـووفێکی

بوونگەرایی وەک هایدیگەر کە تا ساڵی ١٩٧٦ ژیاوە، بەو پێشکەوتنە خێرا و بێشومارەی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆ نەگەیشتووە، کەچی خوێندنەوە و ڕەخنەکانی لەسەر تەکنۆلۆژیا بەهەند وەرگیراوە، پەیامەکانی دەربارەی ژینگەپارێزی و بەستنەوەی بە شیعرەوە، قووڵبوونەوەیەکی فەلسەفییانەی وروژاندووە، رووباری ڕاینی لە ئەڵمانیا وەک نموونەیەکی ژینگەیی بەکارهێناوە کە تەکنولۆژیا چ کاریگەرییەکی نادروستی لەسەر هەڵچنیوە، لە کاتێکدا بە شێوەی ڕاستەوخۆ هیچ نووسینێکی لەسەر ئەو ژانرە بە دیاریکراوی نەنووسیوە.

شیعری هاوچەرخ لە قۆناغی یەکەمدا نەیدەتوانی پێوەندی بە شتانێکەوە گرێ بدات، بێ ئەوەی دان بەوەدا بنێت کە شتەکان دیجیتاڵ کراون، بۆ نموونە شیعرێکی بەناوبانگی شاعیری ئێرلەندی سیموس هینی Seamus Heaney کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە بەناوی (پاشکۆ) لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئێرلەندا نووسیویەتی کاتێک بە ئۆتۆمۆبیل بەو شوێنەدا تێپەڕ دەبێت، کاریگەریی ڕەشەبا لەسەر زەریاکە بە کەف و بریقەدانییەوە دەبینێت چۆن ڕووی زەریاکەی خۆڵەمێشی کردووە، ئەم هەڵچوونەی ناخی لە ڕێی شیعرەکەیەوە پێمان دەڵێت، هەوڵبدە تەنیا جیهانی فانی بدۆزەرەوە، ئەو شتەی ئەستەمە لەگەڵی هاوڕابیت، هەر بۆیە ئەو کەنار دەریایانە نابنەوە بەو دیمەنە شیعرییانەی کە سیموس نووسیونی.

ئەم جۆرە خوێندنەوەیە یەکێکە لە ڕێگەکانی تێگەیشتن لە شیعری ئیکۆ، هەوڵێکە بۆ دووپاتکردنەوەی جیهانی سروشتی و شتە سروشتییەکان، بە تایبەت لە ڕووی گرنگیدان بە ڕابوردوویانەوە، هایدیگەر هەوڵی داوە چوار بەرابەر لەگەڵ شتە تەکنۆلۆژییەکان بەراوردیان بکات.

لە تەکنۆلۆژیادا چەمکی میتافیزیک هەمیشە هەرەس دەهێنێت، بەڵام شیعرێکی ئیکۆیی دەتوانێت لە چوارچێوەی ژینگەدا شکست بە تەکنۆلۆژیا بهێنێت.

لە زاراوەی هایدیگەردا، شتەکان بە ژینگەشەوە ناتوانن چوار ئەوەندە بەرز بینەوە، ئەمە ئالنگاریی تایبەت بۆ شیعری ئیکۆ دروست دەکات، کە دەتوانرێت بە هەوڵدان بۆ چاندنی مانا لە شتەکاندا تایبەتمەند بکرێت.

ڕێبوار سیوەیلی لە شیعری (ژن و درەخت)دا بۆ هەمان تایبەتمەندێتی دەبێژێت:

**لە نیشتمانی ئێمەدا**
**ژمارەی درەختەکان و ژن**
**هێندەی یەکن:**
**وەکوو یەکیش بریندار و لاسوتاو و**
**وەکوو یەکیش تەنیا و ڕووتەن**

ئەم تواندنەوە و ئاوێتەکردنە، نەک واتایەکی گشتگیر بە فۆرمە کلاسیکییەکەی، بەڵکوو گوزارشتێک بەرهەم دێنێت، کە جیاواز بێت لە بەرهەمی باو.

## هایدیگەر و گۆڕانی کەشوهەوا

کاتێک هەوڵ دەدەین شیعری ئیکۆیی هاوچەرخ لە ڕووی جیهانبینی هایدیگەرەوە لێک بدەینەوە، ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە بۆ ئەوەی شیعر بمانگەیەنێتە ڕاستی بابەتەکان، چونکە زانست بزوێنەری میتافیزیکە و سەرەنجام بەرەو واقیعمان پەلکێش دەکات، بە واتایەکی دی کاتێک زانست و تەکنۆلۆژیا دەبنە دووانەیەکی لێکدانەبڕاو، تاوانباردەکرێن بە خوڵقاندنی کێشەکانی کەشوهەوا، لە کاتێدا هەر خودی زانستیشە لە ڕووداني چەندان قەیرانی سامناک ئاگادارمان دەکاتەوە، هەر بۆیە ناتوانین لە قەبارەی ئەو دۆخانە تێ بگەین کە خۆمانی تێدا دەبینینەوە، بەدەر لە ئاماژەکردن بە ڕۆڵی زانست و تەکنۆلۆژیا، کەواتە دەبێت چۆن لە ڕووی فەلسەفییەوە لەم بابەتە بگەین؟

قەیرانی ئیکۆلۆژی شتێک نییە هایدیگەر تایبەتانە سەرنجی لەسەر دابێت، ئەستەمیش نییە

ڕوونکردنەوەکانی بۆ گۆڕانی کەشوهەوا چارەسەر بوو‌بێت.

ئەگەر لە ڕووی شیکارییەوە وشەکە واتای نیشتەجێبوون، یان ماڵ بگەیەنێت، ئەوە ئیکۆلۆژیا دەبێتە ئەو زانستەی زیندەوەران پێوەندییان بە دەوروبەرەکەیانەوە گرێ بدەن.

وازهێنان لە چالاکیی ئیکۆلۆژی، یان هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری زانستی بۆ کێشە ژینگەییەکان ئەوە ناگەیەنێت کە نەتوانین لە چوارچێوەی میتافیزیکی تەکنۆلۆژیدا کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام دەتوانین بێتوانایی خۆمان لە مامەڵەکردنی یەکلاکەرەوە وەک بابەتێکی فەلسەفی ببینین.

ئەگەر بۆ هایدیگەر لەناوچوونی مرۆڤایەتی پێوەندی بە جەنگی ئەتۆمییەوە بێت، ئەوە ئەو هەڕەشە ڕاستەقینەیەی کە تا ئەمڕۆ توانراوە خۆمان لەو کارەساتە ئەتۆمییە بەرفراوانە بەدوور بگرین بۆ خودی تەکنولۆژیا دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا نەشتوانراوە لە مەترسییەکانی تەکنۆلۆژیا بەدوور بین، ئەو مەترسییەی کە هەموو شتەکان بۆ یەدەگی وەستاو داڕشتووەتەوە.

کارو هێزی چالاکییە سیاسییەکان ڕەنگە جۆری هێرشەکان بۆ سەر مرۆڤایەتی و جیهان بوەستێنێت، وەلێ ناتوانێت ئەو ڕۆڵە هەرەس پێ بهێنێت کە تەکنولۆژیا بە ئاشکرا لە قەیرانەکاندا دەیگێڕێت.

سەبارەت بە ڕۆڵی شیعر هیواخواز دەبین لە قەیرانی بوونگەراییەوە بۆ قەیرانی دیکە هەنگاو بنرێت، بێ هەڵوێستییە ئەگەر بڵێین شیعر دەتوانێت جیاوازی لە ڕووی گۆڕانی کەشوهەواوە دروست بکات، لە ئاستی ئۆنتۆلۆژیا Ontologie (زانستی بوون) چالاکییەکان ڕەنگە مەحکووم بە شکست بن، بەڵام هەڵوێستی هایدیگەر ڕوونە، شیعری مەزن مەزنە، بۆیە تەحەدای میتافیزیک دەکات، ئەمەش ڕۆڵی گرنگ دەبەخشێتە ئیکۆشیعر تا لە کارەساتی ئیکۆلۆژی دووربکەوینەوە، بۆ ئەوەی باڵای ئیکۆشیعرێک مەزن بێت، مەرجە هێزی تەحەداکردنی میتافیزیکی تەکنۆلۆژیای تێدابێت و جیهانی سروشتی بە فۆرمێکی نوێ ئاشکرا بکات.

شاعیرێکی ئیکۆ کە دان بە پێگەی تەکنۆلۆژیا لە ناو ژینگەدا نەنێت، هەرگیز ناتوانێت تەحەدای تەکنۆلۆژیا بکات.

## شیعر و هاوچەرخێتی

دیسان پرسیارێک دێتە پێشەوە، چۆن لە شیعری هاوچەرخ دەگەین، یان گشتگیرانەتر لەڕێی ئەدەب و هونەرەوە چۆن لە مەزنیی شیعر دەگەین؟ ئایا چ پێوەر و تەرازوویەک هەیە؟

لە کتێبی (سەرچاوە)دا هایدیگەر پێمان دەڵێت تەنیا کارە مەزنەکان لە ژێر چاودێریکردنەدان، بەرهەمەکانی بە سانایی دەناسرێنەوە، مەبەست لە زاراوەی مەزنیی نزیکبوونەوەیە لەگێڕانەوە و بەهای هونەر، هونەر دەشێت باش بێت، یان خراپ، وەلێ خراپیش بێت هەر بە هونەری دەمێنێتەوە.

مەزنیی لای هایدیگەر پۆلێنێکی ئۆنتۆلۆژییە، نەک حوکمدانی بەهاکەی. کاتێک بەم شێوازە هایدیگەرییە باس لە مەزنی دەکەین، ئاماژە بەوە ناکەین کە پێوەرێک بۆ پێوانەکردنی بەرهەمێکی دیاریکراو هەبێت، گەورەیی لە هونەردا ئاراستەیە بەرەو ئایندە، جیهانێک واڵا دەکات، هەموو ئەو شتانەی تێدا دەکاتە مومکین، هەر بۆیە ئەم گەورەییە بە سێ فۆرم لێکدەداتەوە:

١- گەورەیی لە ڕووی میتافۆر.

٢- گەورەیی وەک دامەزرێنەر بە مانای پێناسەکردنی سەردەم.

٣- گەورەیی هۆڵدەرلین وەک شاعیرێک بۆ ئایندە.

هۆڵدەرلین لای هایدیگەر شاعیرێکی مەزن بووە، ئەگەر ئەڵمانەکان وەک ئەو گۆهداری

زمانی شیعرەکەی بوونایە بەرەو شوێنێکی دیکەی پەلکێش دەکردن، شوێنێک میتافیزیکی ڕۆژئاوایی نەتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت، هەر لەبەر ئەمەشە هۆڵدەرلین بۆ هایدیگەر نەک یەک شاعیر، بەڵکوو بۆ فەلسەفەکەی چارەنووس بووە، چونکە لە دەرەوەی میتافیزیک ڕێگەیەکی پێشکەشی گەلی ئەڵمانی کردووە، مەرج نییە لە ڕووی چارەنووسی گەلی ئەڵمانییەوە لەگەڵ باسەکەی هایدیگەر سەبارەت بە هۆڵدەرلین هاوڕا بین؛ تەنیا پێویستە بڕیار بدەین ئایا شیعر دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ لەدایکبوونی میتافیزیکێکی نوێ.

سنووردارکردنی هایدیگەر بە چارەنووسی گەلی ئەڵمانیاوە شتێکمان دەربارەی مەودای باسەکە پێ دەڵێت کە گشتگیر نییە. مامەڵەکردنی کولتوورێکی دیاریکراو لەگەڵ سۆسیالیزمی ناسیۆنالیزم، ڕەنگە کەمهۆشی بێت، بۆیە گشتگیر نابێت، یان بە هەر شێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە بزووتنەوە شیعرییە هاوچەرخەکان بەکاربهێنرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو بیرۆکەیە هەیە کە چۆن میتافیزیک بە زمان و کولتووری گەلێک ئاوێتە دەبێت، تا شیعریش ببێتە هێز و فۆرمی دەربڕینە ڕاستەقینەکەی.

هەبوونی فرەچەشنی کولتوور لە شیعر و هونەردا، ڕێگە بۆ ئافراندن خۆش دەکەن، هەر یەکەو بە پێگەی خۆی نەک هەوڵدان بۆ سەپاندنی یەک ستانداری بەسەر داهێنانەکاندا، کە سەرئەنجام سنووری بەرهەمەکان بەلاڕێدا دەچن و پەراوێز دەخرێن، هەر بۆیە شرۆڤەکارانی شیعری هاوچەرخ خۆیان لە چەمکی ئەو ستاندارده شیعرییانە بەدوور دەگرن.

## چەمکەکانی ئیکۆشیعر

چۆن لە شیعری ئیکۆ بگەین! پێوەندی بە بزووتنەوە شیعرییەکانی دیکەوە چییە؟

شیعری ئیکۆ ڕوونە و تا ڕادەیەک مینیمالیستییە؛ جودا لە ئەزموونکردن لەگەڵ بینراو و دەقی دیزاینکراودا.

شاعیرانی ئیکۆ بەردەوام هەوڵ دەدەن ڕوویەکی ئیستێتیکی ناوازە و سەرنجڕاکێش بە شیعرەکانیان ببەخشن، دەکرێت لە ڕووی پێوەندییەکانی بە شیعری سروشت و شیعری سیاسی، یان جۆری چالاکییەکانییەوە باشتر لە خەسڵەتانی بگەین.

سەرەتای هەنگاونانی بۆ کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو دەگەڕێتەوە، کاتێک وەک زانا و شاعیری بریتانی تێری گیفۆرد (Terry Gifford) ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: ئەو کاتە هەموو شتێک سەوز بوو. هۆشیارییەکی نوێ لە بابەتە ئیکۆلۆژییەکان ڕێگەی بە سەرهەڵدانەوەی شیعرێک دا، کە مامەڵە لەگەڵ سروشتدا بکات، چونکە شیعری سروشتگەرا ڕۆژانێکی خراپی بەسەر دەبرد.

لە نووسینێکی ساڵی ١٩٩٥دا پەشیمان دەبێتەوە و دەڵێت شیعری سروشت ئیتر بووەتە زاراوەیەکی بێبەها، لە کاتێکدا حەزێکی نوێ و جەوهەری بۆ شیعری ژینگەیی سەری هەڵدابوو.

لە هاوینی ١٩٩٠دا گۆڤارێکی شیعری تایبەت سەبارەت بەچۆنیەتی پێوەندی مرۆڤ بە ژینگەوە دەردەچێت، ئیدی حەزکردن بە شیعری ئیکۆ بە شێوەیەکی بەرچاو گەشە دەکات و تا هەنووکە چەندان ئەنتۆلۆژیا و گۆڤاری تایبەت بە شیعر و ژینگە لەدایکبوون.

کەواتە ئێمە چۆن دەتوانین جیاوازی نێوان شیعری سروشت، شیعری شوانکاری و ئیکۆشیعر، یان لە نێوان ئیکۆشیعر و ژانرە شیعرییە هاوچەرخەکانی دیکەدا بەراورد بکەین؟

پێدەچێت بیرۆکەیەکی باش بێت کە لە پێناسەیەکی ئیکۆشیعرەوە دەست پێ بکەین، لە کاتێکدا سروشتی هیچ پێناسەیەک بە بڕندەیی یەکلا نەکراوەتەوە.

شاعیر و مامۆستای ئەمریکی جۆن شۆپتاوJohn Shoptaw کۆمەڵە شیعرێک چاپ دەکات و تێیدا ئیدیعا دەکات کە ئیکۆشیعر پێویستی بە ژینگەیە و دەبێ شاعیر ژینگەپارێز بێت و بەدوای وەڵامدا بگەڕێت، چەندە گەڕانەکانی زۆربێت بە بارتەقای گەڕانەکانی دەتوانێت بە ئەندێشەی وەڵامەکانی چنگ بکەوێت، بۆ نموونە: ئەگەر ئیکۆ شیعرێک لە ئەمەریکاوە تا چین و کوردستان لەبارەی سێو و هەنار و گوڵی ناو باخ درێژبووبێتەوە و کەسانێک شیعریان بۆ نووسیبێت، هەر شاعیرە و بە ئەندێشەی خۆی، سەرئەنجام فەزای وەڵامەکان هاوشێوەی یەکتر دەنوێنن.

شێرکۆ بێکەس لە شیعری پەردەدا دەڵێت:

**ئەو دارسێو و دارهەنارە**
**لەو گوێ چەمە، ئەمڕۆ ڕووت بوون**
**ڕووتوقووت بوون**
**کە باوەشیان کرد بە یەکدا.**
**کیژۆڵە سێو زوو هەستی کرد**
**لەو بەرەوە، دارەبەنێکی دەس تووکن**
**بە دووربینی ئەو ڕەوەزە**
**لەپەناوە**
**زوو زوو تەماشایان ئەکا.**
**بۆیە هەستا و بە ڕقەوە**
**پەردەی تەمی گوێ چەمەکەی دادایەوە!**

وەک دەردەکەوێت پێناسەکەی شۆپتاو تا ڕادەیەکی زۆر لۆژیکییە، بەڵام لەبەر دوو فاکتەر لەگەڵ دیدگاکەی هایدیگەر ناگونجێت.

فاکتەری یەکەم: پێناسەی شۆپتاو پێوەندی نێوان شاعیر و جیهانی سروشت دەخوێنێتەوە و شاعیر ناتوانێت تەنیا وەسفی جیهانە سروشتییەکە بکات تا جیاوازییەک لە نێوان مرۆڤ و غەیرە مرۆڤدا دەربخات.

لەم حاڵەتەدا جیهانە سروشتییەکە بۆ شۆپتاو، ئەو پێوەندییە دەردەخات کە شیعرێک چۆن دەبێتە ئیکۆشیعر، بە زاراوەیەکی سادەتر، پێناسەکەی وێنەیەکی میتافیزیکیمان بۆ نمایش دەکات کە شاعیرێکی تێدایە، دان بەوەدا دەنێت شیعر بەدواداچوون و گەڕانە بەدوای پێوەندی نێوان جیهانی سروشتی و تێگەیشتن و کولتوور، هەر بۆیە شاعیرانی ئیکۆ ناتوانن بێهەڵوێست بن، سروشت تەنیا لە هەستیاری بینەردا کۆدەکەنەوە، هەر وەک چۆن شێرکۆ بێکەس پەردەی تەمی گوێ چەمەکە دادەداتەوە.

لە کۆتاییدا شۆپتاو پیشانی دەدات خەسڵەتی شیعری ئیکۆ تایبەتە، وێنەیەکی میتافیزیکی ناڕاستەوخۆی لەخۆگرتووە، حەقیقەتی زانستی کارێکی سەربەخۆیە و ناکرێت لەڕێی هەستی بینەرەوە وەسف بکرێت. شاعیر پێویستە کەڵک لە هونەرەکەی ببینێت، بۆ ئەوەی بەرپرسیارانەتر لەسەر ڕاستییەکان گفتوگۆ بکات.

بەم پێیە دەبێت زمانی زانست لە تێڕوانینی کەسی، یان کولتوورە جیاوازەکان جیاواز بێت، زمانی زانست لەم میتافیزیکە ناڕاستەوخۆیەدا پلەی یەکەمی پێ دەدرێت، هەرچەندە پێشتر باسمان کرد هایدیگەر هیچ بەشێک لە زمان وەک بەڵگەی زانستی ناناسێنێت و زمان وەک ئاماژەیەک بۆ جیهانێکی پێشوەختە بێ دوودڵی نابینێت، هەر لەبەر ئەم فاکتەرەشە شیعر نهێنییەکانی جیهان ئاشکرا دەکات.

سون وێنبۆ Sun Wenboی شاعیری چینی بە فۆرمێکی تر جیاوازتر لە فۆرمەکەی شێرکۆ بێکەس لە کتێبی ژیانی بێزارکەر لە شیعری (بێدەنگ)دا دەنووسێت: هەست بە ئازادییەکی ڕەها دەکەم لەسەر کۆماری سێو و دیموکراسی پرتەقاڵ بنووسم و دەڵێت:

**دەبینم سێو نەبووەتە تانک**
**پرتەقاڵیش نەبووەتە بۆمب**
**ئەوەندەش دەزانم نەبوومەتە کۆیلەی وشە**

وەک دەردەکەوێت ئیکۆشیعر سروشتی دەرەوەی مرۆڤەکان دەردەخات، نەک تەنیا فۆرمێکی

مەجازییـان پـێ ببەخشـێت.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە پرسیار لە ڕاستی بۆچوونەکەی شۆپتاو بکەین، یان بڵێین بۆچوونەکەی لە یەکێکی دی گونجاوترە. ئامانج تەنیا ئەوەیە بڵێین ئەم باسە لەناو شیعری هاوچەرخدا تایبەتە و لێکۆڵینەوە لەو پێشگریمانە میتافیزیکییانە بکەین کە پشتیان پێ دەبەسترێت، بەم شێوەیە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە چۆن شیکارییەکی هایدیگەریی دەتوانێت چۆنیەتی بیرکردنەوەمان لە ئیکۆشیعر و ئەگەرەکانی بگۆڕێت.

ئەگەر شیعرێکی ئیکۆیی تەنیا نموونەی نۆستالیژیا بێت، لەناو میتافیزیکێکی تەکنۆلۆژیدا گیردەخوات، ناتوانێت تەحەدای دیجیتاڵ بکات.

لێرەدا ئەو پرسیارە دووبارە دەبێتەوە کە چۆن ئەو بزووتنەوە شیعرییانەی بە ئاشکرا مامەڵە لەگەڵ تەکنۆلۆژیادا دەکەن وەک شیعری دیجیتاڵی و شیعری ئینتەرنێتی، یان شیعری زیرەکیی دەستکرد (AI)، ئایا دەتوانن ڕێگەیەکی تێپەڕاندن لە کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیا بۆ دابڕێژن؟

پێناسەکەی شۆپتاو (شیعری مەزن، دەتوانێت ڕەسەنترین فۆرم بڕەخسێنێت)، ئەوە دەگەیەنێت کە کاتێک شیعر دەنووسین، بە هەمان شێوەی دەقەکانی دیکەی وەک تیۆری زانستی، یان ڕاپۆرت، یان ڕێبەری سەفەرکردنە، بەڵام لە ڕووی پۆلێنکارییەوە ئیستێتیکا و بەکارهێنانی وێنەی وەک مێتافۆر پێویستی بە جیاکارییە.

### فاکتەری دووەم: ئیکۆ شیعر و مێتافۆر

لە پێناسەکەی شۆپتاو دژ بە بۆچوونەکەی هایدیگەردا دەبینین، سروشتی مەجازی شیعر لای شۆپتاو پێناسەکەی وردتر بووەتەوە بەوەی بەکارهێنانی سروشت لە شیعرێکی ئیکۆدا ناتوانێت مەجازی بێت، بەڵام لە ڕوانگەیەکی هایدیگەرییەوە، ئیدیعایەکی لەو شێوەیە لە کۆتاییدا میتافیزیکە، چونکە دابەشبوونی وشەیی/ وێنەیی بە زەینیەتی (دیکارت)ـەوە دەبەستێتەوە تا ڕێگری لە ئاشکراکردنی ڕاستیی شیعرییەت بکات.

ئەوەی لێرەدا شۆپتاو جەختی لەسەر کردووەتەوە جۆری جیاوازییەکەیە، بۆ نموونە لە شیعرێکدا گوڵەبەڕۆژە وەک هێمای خۆشەویستی بەکاردەهێنێت، لە شیعرێکی دیکەدا گوڵێک بە ساکاری وەک گوڵ نمایش دەکرێت، یان شیعرێک کە گوڵێکی بۆ بەکارهێنراوە بۆ ئەوەیە هەندێک خاڵ بخرێتە سەر قەیرانی ژینگەیی و پیشانی بدات.

شەریف حسێن پەناهی لە (ملوانکەی شین)دا دەڵێت:

**گەلاڕێزان گوڵی باخانی دا با**
**بەهارێ دیکە دێ ئەم باخە لابا**
**هەناسەی باخەوانی پیرە دەیگوت:**
**هەزاران خۆزگە ژینی من وەها با**

ئۆبژەکانی سروشت زۆرجار لەلایەن شاعیرانەوە بە شێوەی مەجازی بەکارهێنراون بۆ نموونە شیعرەکانی هونەرمەند و شاعیر ڕێبوار سەعید تاڕادەیەک بێ تەنگژەن، وێنەی پەپوولەیەک لە دیوانی پالێت بەناوی کەشتی قەرسیلی بەکار دەهێنێت، نەک بۆ ئەوەی شتێک لەسەر پەپوولە بڵێت، بەڵکوو مەبەستییەتی گوزارشتێک لەسەر خودی خۆی بەیان بکات.

وەک دەبینین جۆرەکانی پەپوولە بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، لەڕێی ئەم شیعرەوە هەوڵی داوە سەرنجی خوێنەرانی بۆ ئەو ڕاستییە ڕابکێشێت کە پەپوولە بە مانا مەجازییەکەی چییە؟

**بەمنداڵی لەژێر هەوری**
**پەڵەی سپی بەهاراندا**
**خانوویەکمان بە گوڵانی و**
**پێکەنین هەڵدەچنی**
**بە منداڵی پەپوولە بووین**

**دەمانتوانی پەرژینەکان جێ بهێڵین**
**لەباوەشی گوڵەکانا تێر تێر بنووین.**

**هێزی ئیکۆشیعری جیهانی و سروشت**

کارکردنی ئەم هێزە لەسەر بنەمای هاوسۆزی و تێگەیشتنی مرۆڤە بۆ ژینگە کە ڕۆڵی چامە لە ناو شیعرەکانی سەدەی بیست و بیست و یەکی جیهانی بینیویەتی، ئەو کاتەی سروشت نەیتوانیوە بە پلەی یەکەم خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ بکات.

ڕەنگە چامەی ( خاکی بێبەر، یان وێرانە خاک)ی تی.ئێس ئیلیەت Thomas S. Eliot کە لە ساڵی ١٩٢٢ بڵاوی کردووەتەوە کاریگەرترین و ناسراوترین شیعری سەدەی بیست بێت کە بە تۆنێکی نوێ و نامۆ قسە لەسەر هەڵچوونەکانی سەدەیەکی نوێ و ترسناکییەکانی دەکات و دەڵێت:

**لێرە تەنیا بەرد هەیە، ئاو نییە**
**شاخە بەردینییەکان بێ ئاون**
**ئەگەر لێرە ئاو هەبێت دەمانتوانی بیگرین و بیخۆینەوە**
**ناتوانیت لەناو بەردەکاندا بگریت، یان بیریکەیتەوە.**

بە جۆرێکی دیکە ئاماژە بە شیعرێکی خاتوو سیلکە شوێرمان Silke Scheuermannی ئەڵمانی بەناوی (بەیبوون) دەکەین کە خاوەنی خەڵاتەکانی (هۆڵتی بۆ شیعر، خەڵاتی بریخت و خەڵاتی ڕۆبەرت گێرنهارت و خەڵاتی جۆرج کریستۆف لیختنبێرگ)ـە و تێیدا گرنگی بە مۆتیڤەکانی سروشت داوە، وەک ڕەگەزی (با) کە هێزێکی ئەرێنییە بۆ سروشت و مرۆڤ و نەریتێکی شیعری سروشتی ڕەخنەیی تێدا پەیڕەو کردووە.

**چۆن بام خۆش دەوێت؛**
**چیمەن شانە دەکات و برژانگەکانی ساف**
**تۆوەکانم بۆ دەوەشێنێت**
**ئەگەر با بەراورد بکەم بە تۆ**
**هەموو شتێک خراپ دەبێت.**

**سەرچاوەکان:**

١-گۆڤاری شیعر Poetry Magazine (بۆچی ئیکۆشیعر هیچ هەسارەیەکی نییە؟)، جۆن شۆپتاو، ٢٠١٦.
٢-کتێبی Heidegger and Poetry in the Digital Age لە نووسینی خاتوو Rachel Coventry ساڵی٢٠٢٤ چاپ کراوە.
٣-کتێبی The Ecopoetry Anthology لە نووسینی Ann Fisher-Wirth و Laura-Gray Streetساڵی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە، چەندان شیعری شاعیرانی لە خۆگرتووە.
٤- دیوانی ئاوێنە بچکۆلەکانی شێرکۆ بێکەس، ١٩٨٦.
٥-دیوانی ئێوارەیەک بۆ ژن و خودا، ڕێبوار سیوەیلی، ٢٠١٢.
٦-دیوانی ملوانکەی شین، شەریف حسەین پەناهی، ١٩٧٩.
٧-دیوانی ئاژێر، ڕێبوار سەعید، ١٩٩٧.
٨-دیوانی:
Der Tag an dem die Möwen zweistimmig sangen لە نووسینی خاتوو Silke Scheuermann ٢٠٠١.

**تێبینی:**
شیعرە بیانییەکان بە کەمێک دەستکارییەوە وەرگێڕراون.